# خۆپێشاندانی شۆفێرەکانی سلێمانیی و

# مێژووی تێکۆشانیان

**قادرڕەشید***

ئەو 600 شۆفێرەی کە لە ڕۆژی 16-7-2005 بۆ جێبەجێکردنی داخوازییە ڕەواکانیان لە ناچارییدا ڕێگەی (شەقامیان) گرتەبەر ، بوێرانە خۆپێشاندانیان کرد و بێ پشتیوانیی سەندیکا دەستبەسەراگرتووەکەیان و بێ پشتگیریی جەماوەری حیزبە کوردستانییەکان! بەداخەوە ، لە لایەن پۆلیس و ئاساییشی سلێمانییەوە بە شێوازێکی نامرۆڤانە بڵاوەیان پێکرا و ژمارەیەکیان بێسەروشوێن کران!

داواکانی ئەم شۆفێرانە و خۆپێشاندانیان کارێکی ڕەوا و بەجێیە و یەکێکە لە بنەما هەرە ساکار و سەرەکییەکانیان ، وەڵامدانەوەیان بەم شێوە مەترسیدارە بە ئاگر و ئاسن ، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ، کارێکی نارەوا و نابەجێیە و بە بیستنی ئەم هەواڵە دووبارەبوونەوەی ڕێبازی ڕژێمی پاشایەتی سەردەمی ساڵەکانی پەنجاکانمان دێتەوە یاد.

کارێکی مەترسیدارە لەم چەرخە نوێیەدا کە دەسەڵاتدارانی کورد بەو شێوازەی ڕژێمەکانی پێشوو سەودا لەگەڵ چینە هەژار و چەوساوەکانی وڵاتماندا بکەن!

سڵکردنەوەی کاربەدەستان لەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە چینایەتییە و کاردانەوەی نارەوایان بەرامبەر بەو خۆپێشاندانەیان ، ڕێزلێنەگرتنە لە ئازادیی و مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی دیموکراتییە لە وڵاتدا.

ئەم هەڵوێستەی حیزبدەسەڵاتداران! باوەڕ و متمانەی جەماوەر بە دامودەزگاکانیان کەم ئەکاتەوە و بێدەنگیی و بەدەنگەوەنەچوونی حیزبەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان! دژ بە گرتنی نوێنەرانی خۆپێشاندەران و گوێنەدان بە داخوازییە ڕەواکانیان! جێی لۆمە و شەرمە و لە هەمان کاتیشدا مایەی سەرسوڕمانە!

شێوازی تێکۆشانی ئەم شۆفێرە جوامێرانە لەم بارودۆخەدا ، ئەو ڕۆژەمان بیرئەخاتەوە کە لەپێش 51 ساڵدا ، واتە لە ساڵی 1954 دا شۆفێرەکانی سلێمانیی بە بڕیاری سەندیکا نهێنییەکەیان خۆپێشاندانێکی گەورەیان کرد ، لە بەردەمی گەڕاجی ڕێگای سلێمانیی ، قەڵادزێ و پێنجویندا ، دژ بە چەوسانەوە و دەسەڵاتدارێتی خاوەن لۆرییەکان لە شاری سلێمانیی.

ئەو سەردەمەش هەروەك ئەمڕۆ ، پۆلیسەکانی ڕژێمی پاشایەتی ، بۆ داکۆکییکردن لە خاوەن لۆرییەکان و بۆ چاوترساندنی جەماوەر و تۆقاندنی شۆفێرە مانگرتووەکان! کەوتنە گوللەبارانکردنیان!

لەو شەڕە دەستەویەخەیەدا نەقابیی تێکۆشەر کاك (قالە سور) بەرەحمەت بێت ، شۆفێری لۆریی بوو لەلای محەمەدی حاجی فەرەجەفەندی ، لە ڕیزی پێشەوەی مانگرتووەکان بوو لە خۆپیشاندانەکەدا و بەگوللەی پۆلیسی ڕژێمی نوری سەعید پێکرا و بریندار بوو.

بۆ یارمەتیدان و بەپیرەوەهاتنی هاوار و ناڵەمان لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەماندا کە ئەو کاتە من سەرۆکی سەندیکاکە بووم ، ئەم سەندیکا و یەکیەتییانە کاریگەرییەکی باش و نەبەردانەیان نواند: سەندیکای نانەوایان ، بەرگدورووان ، ئاسنگەران ،

سەرتاشان ، یەکیەتی قەسابان ، بەقاڵان ، دارتاشان و جەماوەرێکی زۆری تر. برادەرانی یەکیەتی قەسابەکان بە گوللە وەڵامی گوللەبارانی ئەمن و پۆلیسەکانیان دایەوە و بە زەبری گوللە و دەنگی زوڵاڵی جەماوەر ، پاشەکشەیان بە پۆلیسەکان کرد کە زۆرینەیان پۆلیسی سوارە بوون! بەڵام برادەری تێکۆشەرمان قالە سور بە بریندار بی و کە خوێنیش لە جەستەی ئەچۆڕا ، کەوتە دەست پۆلیس و گرتیان. بەداخەوە هەر ئەو برینداریی‌ش دواتر بووە هۆی بڕینەوەی قاچی ڕاستی.

لەو شەڕە نابەرابەرییەدا لەنێوان خۆپێشاندەران و دامودەزگای ڕژێم و پیاوانی چڵکاوخۆری خاوەن گەراجەکاندا کە لەژێر گوشاری جەماوەردا پۆلیس بە ناچاریی پاشەکشەی کرد ، مانگرتنی شۆفێر و شاگردەکانیان بۆ ئەم داخوازیانە بوو:

- ماوەی کارکردن بکرێت بە 8 کاژێر
- دەرکردنی (بەئارەزوو) نەمێنێت
- جنێودان و سوکایەتیپێکردنی خاوەن ئەوتۆمۆبیلەکان نەمێنێت
- وەرگرتن و دامەزراندنی شۆفێر لە ڕێگەی سەندیکاکەیانەوە بێت
- موچەی مانگانەیان لە 7 دینارەوە بکرێت بە 8 دینار
- مانگرتووەکان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان

بۆ ڕۆژی دواتر وەفدێکمان ئامادەکرد بۆ بینینی پارێزەرەکان لە (سەرا)ی سلێمانیی. داوای یارمەتیمان لێکردن بۆ بەردانی کاک قالە سوری بریندار ، کاك ئیبراهیم زازۆ و کاك عومەری عەبەدەلاك.

پارێزەرەکان بەبێ هیچ دەستکەوتێك! هاوکارییەکی باشیان کردین ، توانییان بە کەفالەت گیراوەکانمان بەربدەن.

ئەمە کورتە باسێکی چڕ بوو لە مێژووی تێکۆشانی شۆفێرەکانی شاری سلێمانیی. بەداخەوە لەپاش زیادتر لە نیوسەدە ، لە هەمان شاردا هەمان ڕووداو بە هەمان شێوە دووبارە ئەبێتەوە و سەندیکای کارگەرانی گواستنەوەی ئەم سەردەمەش ، بە پێچەوانەی ئەو سەردەمەوە! چونکە سەربە دەسەڵاتدارانن و لەژێر ڕکێفیاندان! لە ئاستی ماف و بەرژەوەندی ئەندامەکانیاندا ورتەیان لێبڕاوە!! دوریش نیە سەندیکاکەیان نەبووبێت بە ئامرازێکی سەرکوتکەری ئەو خۆپێشاندەرانە و شانبەشانی پۆلیس و ئاسایش دەستیان لەو تاوانانەدا هەبێت!

من خۆم بە دڵسۆزێکی ئەو شۆفێرە هەژارانە ئەزانم و داوای بەدەنگەوەچوون و جێبەجێکردنی بەپەلەی داخوازییەکانیان ئەکەم:

1- داوا لە سەرۆکی پەرلەمان ، سەرۆکوەزیران و بەتایبەتییش سەرۆکی هەرێم بەڕێز کاك مەسعود ئەکەم کە لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە لەو ڕووداوە بکەن و بەرپرسانی ئاسایش ، پۆلیس و ئەو کەسانەی کە دەستیان لە سەرکوتکردنی ئەو خۆپێشاندانە ئاشتییانە و ڕەوایەدا هەبووە ، بخرێنە بەر لێپرسینەوە و بە سزای خۆیان بگەن ، بۆ ئەوەی کە چیتر گەلەکەمان و هەژاران و چەساوەکانی ، وەك سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو سەودایان لەگەڵدا نەکرێت.

2- داوا ئەکەم کە بەبێ مەرج و هەر ئێستا گیراوەکان ئازادبکرێن و ئەو زیانە هەمەجۆرانەی کە لێیان کەوتووە ، بۆیان بگەڕێتەوە.

3- کۆمیسیۆنێك پێکبهێنرێت لە نوێنەرانی شۆفێرەکان ، وەزارەتی گواستنەوە ، دەزگای پۆلیسی هاتوچۆ و سەندیکای پارێزەران ، بۆ چارەسەرێکی یاسایی ، دیموکراتیی و سەردەمانەی کێشە و کەموکوڕییەکان کە ماف و بەرژەوەندە گشتییە ڕەواکانی شۆفێرەکان و هاوکارانیان دابینبکات.

4- ڕیسواکردنی ئەو کەسانەی سەربە هەرچ دەزگایەکن کە بەو شێوە دڕندانەیە ، پەلاماری خۆپێشاندەرەکانیان داوە.

5– دانانی سنورێك بۆ بەربەستكردنی هێنانی ئەوتۆمۆبیل بۆ شارەكە ، لـەبەرئەوەی شاری سلێمانیی بووەتە گەڕاجێكی فراوانی ئەوتۆمۆبیلـی كۆنەی ئەوروپا ، لـە ئەنجامی نەبوونی نەخشەیەكی گونجاودا ، بایی میلـیۆنان دۆلار ئەوتۆمۆبیلـی كۆنە لـە ئەوروپا و بەتایبەتیی ولآتانی سكاندیناڤیاوە ، لـەم سالآنەدا براوە بۆ كوردستان! هیچ چارەسەر و كۆنترۆلێكیش لـەسەر ئەو دەیان هەزار ئەوتۆمۆبیلانە نیە كە بە ڕۆژانە گازی كاربۆن ئۆكسید و گازە هەمەجۆرەكانی تر دروستئەكەن و زیانیان بۆ سروشت و تەندروستیی و ژینگە هەیە و لـە هەمان كاتیشدا دیمەنی شارەكانی كوردستانیشیان شێواندووە! ئەمە بەشێكە لـە كێشەكانی ژینگەی ئەم سەردەمە و چارەسەری ئەم كێشە گەورانە ، تەنیا بە هاوكاریی شۆفێرەكان ناكرێت.

زۆر بوونی ژمارەی تاكسی لـە شارەكەدا هۆی بێكارییە! هۆی نەبوونی پلانێكی واقیعیانەیە كە هەردوو حكومەتەكەی باشوری ولآتمان تێوەی گلاون! لـە ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ هەر بە عەقلـیەتێكی بازرگانییەوە هەنگاوئەنێن!

باج كە قازانجێكی (مشە) و بە پەلـە و سوك و ئاسان بەدەستئەهێنرێت ، بووە بە سەرچاوەیەكی ئابوری.

ڕێژەی بێكاریی لـە كوردستاندا پتر لـە 80٪ یە.

لـەبری چارەسەری ئەم دیاردە پڕ نەهامەتییانە بكرێت ، كارگەی چیمەنتۆی تاسلـوجە بە كارگەرەكانیەوە ئەفرۆشرێت!

كارگەی توتنەكە ئەفرۆشرێت و كارگەرەكان سەرگەردانكراون!

كارگەی جلـوبەرگ ئەكرێت بە كارگەی دورروونی كەلـوپەلی پۆلـیس و پاسەوانی سنور! ! و جەماوەر بێبەشئەكرێت لـە كڕینی جلـوبەرگ بۆ خاووخێزانیان و بە نرخێكی گونجاو! !

ئەم بێسەروبەرییە ئابورییە ، ولآتی مەحروم كردووە لـە پلانێكی واقیعیی و گونجاو كە بتوانێت دەیان كێشەی هەنوكەیی چارەسەربكات!

بیرۆكراتیی ، ڕوتین و گەندەلـیی بەڕێوەبەرایەتییەكان ، كۆسپێكی گەورەن و شاكاران لـە ئالـۆزیی باری ئابوری ولآتدا! !

ئەمڕۆ ڕژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ نەماوە تا جەماوەری ستەمدیدە لـە ناتەواوییە زەقەكان بێدەنگ بن!

كێشەی ئەمڕۆی شۆفێرەكان بەشێكی كەمی سەرهەلـدانی ناڕەزاییەكانی گەلـە ، لـەو ناتەواویی و بێسەروبەرییەی حیزبدەسەلآتدارانی ولآت!

كارگەرانی كوردستان تا ئێستا بە یاسای كاری ژمارە 151 ی سالـی 1987 ی ڕژێمی فاشیستی بەعس ، سەودایان لـەگەلـدا ئەكرێت! ئەمە خۆی لـە خۆیدا ناڕەوایە و سوكایەتییە بە مافی كارگەرانی كوردستان ئەكرێت!

پەرلـەمانی كوردستان لـە ڕۆژی دروستبوونیەوە تا ئێستا ، نەیتوانیوە ئەو یاسا ناڕەوا و زیانبەخشانە بگۆڕێت بە یاسایەكی گونجاو و سەردەمانە كە چەوسانەوەی چینی كارگەر بوەستێنێت و یاریدەدەر بێت بۆ گەشەكردنی ئابوری ولآت!

ٚجگە لـەم نەهامەتییانە ، ئەمڕۆ كارگەرانی كوردستان خاوەنی سەندیكایەكی ڕاستینەی سەربەخۆی خۆیان نین كە بتوانێت بە ئەمانەتەوە پێشڕەوییان بكات لـە دابینكردنی مافە ڕەواكانیاندا!

شۆفێرەكان و سەرجەم كارگەران بێكەسن و خاوەنی هێزێكی پێشڕەوی چینایەتی خۆیان نین! دلـنیام لـەوەی كە كادێرەكانی حیزبە دەستوپێ بەستراوەكانیش! لـە پەنجەرەی بارەگاكانیانەوە سەیری ئەو خۆپێشاندانەی شۆفێرە هەژارە خێر لـە خۆ نەدیوەكانیان كردووە!

داواكارم سەندیكای گواستنەوە بە هەستێكی چینایەتییەوە پێشوازیی لـە داخوازییەكانی برا شۆفێرەكانیان بكەن و ببن بە نوێنەری ڕاستینەیان و دوربكەونەوە لـە كۆیلـەیەتی و خۆبەستنەوە بە حیزبدەسەلآتەوە و ئیتر نەبن بە ئامرازێك بۆ

کۆکردنەوەی پارە و پولێکی زۆر لـە ئەندامانی سەندیکاکەیان بەناوی ئابونەی مانگانەوە! ئەگەر نەیدەن دەزگای هاتوچۆیان لـێهانبدەن و ئازاریان بدەن!!!

بوون بە ئەندام لـە سەندیکادا ، ئازاد و ئارەزوومەندانەیە ، بە زۆرەملـێیی نیە! نابێت بە زۆر کەس بکرێت بە ئەندامی سەندیکای شۆفێرەکان ، یان سەندیکاکانی کارگەرانی پیشەکانی تر!! کێشەی ئەم شۆفێرانە کێشەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتییە و لـە ڕێگەی یاسا و یەکیەتی سەندیکاکانەوە چارەسەرئەکرێت ، نەك بە زەبروزەنگ!!!

دەستتێوەردانی لاوەکی و دەرەکی و حیزبدەسەلات و دەزگا حیزبییەکان ، کێشەکە چارەسەر ناکات! بەلـکوو ئالـۆزتری ئەکات!

لـە شاری بەسرە 15 هەزار کارگەری نەوت مانئەگرن ، ئایا ئەشێت ئەمانە بدرێنە بەر گوللـە یان ڕەوانەی زیندانیان بکەن؟ دکتۆرەکانی بەغدا مانئەگرن ، بێکارەکان خۆپێشاندان ئەکەن! .. تەنیا لـە سیستمی دیکتاتۆرییدا ڕێگە بە کارگەران و چینی چەوساوە و هەژاران نادرێت کە بە ئازادیی و ئاشتییانە داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن! چونکە ئەو ڕژێمانە لـە هەموو شێوازێکی نارەزاییدەربڕین ئەترسن ، تەنانەت ئەگەر بە ساکارترین شێوە و ئاشتییانەش بێت! هەر بە هەڕەشەی گەورە و دژ بە ڕژێمەکانیان ئەژمێرن!

ئەرکێکی مێژوویی و پێویستییەکی مەزنە کە جەماوەر و حیزبە کوردستانییەکان!! بەپیر هەموو مانگرتن و خۆپێشاندان و نارەزاییەکی ڕەواوە بچن و پشتگیرییان بکەن.

جێی سەرنج ، حەسرەت و داخە کە کاتێك قوتابیان ، مامۆستایان ، شۆفێرەکان و توێژە هەمەجۆرەکانی گەلـەکەمان مانئەگرن ، یان خۆپێشاندانئەکەن ، هەر بە تەنیا خۆیان لـە گۆڕەپانەکەدان!!! لـەوە ئەچێت زەبروزەنگ و هەڕەشە! ئەو حیزبانە و جەماوەرەکەمانی تۆقاندبێت!

سەرکەوتووبێت خەباتی چینایەتی شۆفێرە چاونەترسەکانی شاری سلـێمانیی

ئەی حیزبدەسەلاتداران.. سەردەمی گلـۆلـەیە ، دەستهەلـگرن لـە ڕاونان و سەرکوتکردن

کامەیە دیموکراتیی؟ چ سودی ئەبێت دەستوری نوێ و فیدرالـیی بێگەرد بۆ گەل و نیشتمانەکەمان؟ ئەگەر شەقی پۆلیس و ئاساییش هەر لـە ئارادا بێت!

ئەگەر سەندیکاکانی کارگەران ، سەندیکا پیشەییە هەمەجۆرەکان ، تەواوی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ، زۆرینەی نوسەران و ڕۆشنبیران ، خۆبەستەی حیزبدەسەلات و گوێڕایەلـیان بن! ئەوا هاتوهاواری ئازادیی ، دیموکراتیی و یەکسانی لـە نیشتمانەکەماندا ، بێسودە!!

2005-7-25

* سەرۆکی سەندیکای (نهێنی) شۆفێر و شاگردەکان لـە سالـی 1953 دا